www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2-12-2006 9:21

## قانونی ئیرهاب تەنها بۆ نەیارانی پارتی و یەکێتییە ... موحسن سادق پور

ئەو قانونەی لەپەرلەمانە کارتۆنییەکەی کوردستاندا ماوەیەکی زۆر جێگای مشتوومڕی یەنەك و پارتی و ئیسلامییەکان بوو، ئاخیرەن کرایە قانون و بەفەرمی لەرایەڵەکانی راگەیاندنی کوردستاندا بڵاوکرایەوە.. بەڵام هەرزوو زۆرێك لەوانەی دەرەوەی پارتی و یەکێتی. باوەڕیان وابوو کەئەم قانونە تەنهاو تەنها بۆنەیارانی سیاسی پارتی و یەکێتییە، چونکە ئەگەر ئەو قانونە وەك خۆی جێبەجێبکرێت ئەوە بەرپرسانی پارتی و یەکێتی دەبإ بەشێکیان بەپێی ئەو قانونە ئیعدام بکرێن لەبەرئەوەی کەلەپێناوی یەرژەوەندی خۆیاندا پەنا دەبەنە بەر کاری لەوەش دڕندانەتر کەیاساکە حەرامی کردووە.. ئەوەی لە دوومانگی رابردودا لەکوردستانی ژێر سایەیی تاڵەبانی و بارزانی رویدا هیچ گومانێك بۆ ئەو قسەیەی سەرەوە ناهێڵێتەوەو دەقاودەق ئەو راستیە دەچەسپإ کەقانونەکەیان تەها بۆ دەرەوەی خۆیانە، ئەگینا هەوڵی تێرۆرکردنی نوسەری شایەتحاڵەکانی ئەنفال عارفی قوربانی لەلایەن بەرپرسێکی باڵای یەنەکەوەو بێدەنگی تاڵەبانی لەبەرانبەریداو لێنەپێچینەوە لەبەرپرسەکە کەلەڕێگەی باندێکی سەربەتەوەحیدو جیهادی ئیسلامییەوە هەوڵی رایکردنی کارەکە دراوەو پاش دەستگیرکردنان ئەوە روون بۆتەوە کەبەرپرسێکی یەکێتیی بەوادەی پارەیەکی زۆر ئەو پلانەی دارشتووە. بۆیە بۆ دڵنیابوونی خەڵکی کوردستان و رەواندنەوەی ئەو گومانانەی کەقانونەکانی کوردستان تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانە نەك میللیەت.. ! دەبوو تاڵەبانی بچوایەتە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و بڕیاری دادگایەکی عادیلانەی بەرپرسەکەی خۆی بدایا کەدەستی لەگەلڕ باندێکی تەوحیدو جیهاددا هەبووە لەکەرکوك بۆ تێرۆری ئەو نوسەرەی وەك هەندێك لەڕاگەیاندنەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی باسی دەکەن خەمخۆری راستەقینەی ئەنفالەکانەو هەر خۆشی نوسەری کتێبگەلێکە لەسەر تاوانەکانی ئەنفال. بەڵام بێدەنگی بەرپرسانی دی نێوو حیزبەکەی تاڵەبانی و لەهەمانکاتدا خودی بارزانیش کەهەڵوێستی بێدەنگی هەڵدەبژێرێت ئەوانە دەلیلی دڵنیاکەرەوەن لەوەی کەکوردستان پاوانی پارتی و یەکێتییەو جگەلەوان مانایەکی دی بۆ ژیانی خەڵکانی دەرەوەی ئەوانی تێدا نەماوە. بۆیە دەبإ لەئاستی وەها مەسەلەیکی هەستیاردا کەلەلایەك پەیوەندی بەتیرۆرکردنی کەڵە نوسەرێکی ئەو میللەتەوە هەیەو لەلایەکیش پەیوەندی بە تێوەگلانی بەرپرسانی کوردستانەوە هەیە لەگەلڕ تێرۆرستاندا بۆیە کەدەبوو ئەم مەسەلەیە هەروا بەساکاری تێینەڕوانرإ و هەڵوەستەی لەسەربکرێت.. ئەوە لەحاڵەتێکدا ئەگەر یاسا بەرقەرار بوایا لانی کەم حوکمی بۆ هەتاهەتایی زیندانی بەسەر ئەو بەرپرسەدا دەچەسپاند. بەڵام ئەوەی تائێستا باسدەکرێت ئەوەیە کەبەرپرسەکە نەك دەستگیرنەکراوە دەڵێن مەترسی خستۆتە سەر ژیانی نوسەرەکەش بۆ ئەوەی دەست لەو دەعوایەیی هەڵگرێت کەوایزانیووە قانون هەیە لەکوردستانداو سکاڵایی یاسایی تۆمارکردووە. بەڵام بێدەنگی تاڵەبانی دەمانخاتە بەردەم هەڵوەستەیەکەوە کەمایەی تێڕامان و مەترسییە: چونکە تاڵەبانی جارنەجارإ لەدەربڕینی هەڵوێستێکدا وای دەردەخست کەخۆی پارێزەری ئازادی و ژیانی نوسەرانەو ژیان و سەلامەتی بۆ دابینکردوون، کەچی ئێستا یان ئەوەتا لەخۆشی کورسی سەرۆك کۆماری هۆشی لای میللەتەکەی خۆی نەماوەو یانەکە ئەوەتا کەئێستا پێویستی بەو تەئریخە نییە کەلەسەر هەڵوێستێك لەقازانجی بزافی رۆژنامەوانی و ئازادی رادەربڕین بۆی تۆماربکرێت. داهاتوو رونی دەکاتەوە کامیانە.. !